ژمارە (6) دووشەممە 2006/11/20
سەرپەرشتیاری لاپەڕە: ترێخان

# دیمانە لەگەڵ چرۆ زەند دەربارەی مافەکانی ژن و بزوتنەوەی ژنان



**دیمانە: ستیڤان شەمزینانی سلیمانی**

ستیڤان: ئێمە چەندین رێکخراوی ئافرەتانمان هەیە بە جیاوازیی بیروڕاو تێگەیشتنی سیاسی و ئایدۆلۆژییانەوە، بەڵام هەست بەوە دەکرێت ئەم رێکخراوانە زیاتر کۆمیتەیەکی حزبین بۆ لە قاڵبدانی ژنان لە چوارچێوەی تێفکرینی حزبدا، بەم حاڵەوە دەتوانین بڵێین لە کوردستان بزوتنەوەی ژنان هەیە کە خاوەنی دیدگایەکی ژنانەو فێمینستانە بێت؟

**چرۆ زەند: لە کوردستان بە دەگمەن رێکخراوێك دەتوانێ کاری سەربەخۆ بکات، تایبەتمەندی خۆی بپارێزێ. ئازادی تاکە کەس و رێکخراوە جەماوەرییەکان، مافی مرۆڤ، منداڵپارێزان، پیران، تا دەگاتە خوێندنگاو زانکۆکان سەر کوتکراوە. ئەمە بەشێوەیەکی گشتی، بە تایبەتی رێکخراوی ژن. هەریەك لەمانە ئەگەر هیواو ئامانجیان تێکەڵاوی سیاسەتی یەکێك لە پارتە سیاسییەکان نەکەن، ناکۆکی و دژایەتیان دەکرێ. کۆتایی دێ بەگرتنی تاك یا داخستنی رێکخراو. لە کۆمەڵگایەك نیوەی کە بریتیە لە ژن و منداڵ ئازاد نەبوون، بە دڵنیاییەوە دەڵێم نیوەکەی تریش کە بریتییە لە پیاو ئازادی لە دەستداوە. بەداخەوە لە ناوەندی ئەم بێمافییەدا رێکخراوی ژن چۆن دەتوانێ خاوەنی شەقڵی فێمنی خۆی بێ! هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا تایبەتمەندی خۆی وەرگرێ.**

ستیڤان: گومان لەوە نییە چەوساندنەوەو هەڵاواردنی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و تایبەت نییە بە کۆمەڵگەو کلتورێکی دیاریکراو، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەم چەوساندنەوەیە زۆر زەق و دیارە و فۆڕمێکی بێ رەحمانەی بە خۆوە گرتووە، ئایا کاری ئەولەوی و هەرە گرنگ چییە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە چ ئەوەی دەکەوێتە سەر رێکخراوەکانی ژنان چ ئەوەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەسەڵات؟

**چرۆ زەند: بەر لە ئیسلام، لە فەرهەنگی یەهودا، لە چەرخی پێش زایین، لەسەردەمی کۆیلەیەتییدا ژن داپۆشراوە. نادیار بووە و زیندە بەچاڵکراوە. بەڵام هەمیشە لە کاردا بووە. دین، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و یاسای کۆنی دژ بە مرۆڤەکان، رێگەیان بە ژن نەداوە بێتە پێشەوە و گوێیان لە ژن نەگرتووە. ژن نایەوێ بەو جۆرە بژی. بۆیە رێکخراو دروست دەبێ. رێکخراوی ژن دەتوانێ جەخت لە دەسەڵات بکات بە رەخنەگرتن لە دەسەڵات، خۆپیشاندان، بە نووسین و نارەزای دەربڕین بۆ گۆڕینی یاسا کۆنە دژ بە مرۆڤایەتیەکان، بۆ جیا کردنەوەی دین لە دەوڵەت. دەسەڵات ناچار کرێ کە گوێ لە داواکانی ژن بگرێ.**

ستیڤان: ژنانی کوردستان لە ژێر توندترین چەوساندنەوەی کلتوریدان بە ئەندازەیەك ژمارە گەلێك زۆریان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن و خۆسووتاندن. تەنانەت خۆ سووتاندن بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ئاگر پەیامێکی پێیە ئەو پەیامە چییە؟ ئایا گوزارشت لە دڕندەیی کلتور دەکات یان لاوازی و پاسیڤ بوونی کەسێتی ژنی کورد؟

**چرۆ زەند: ئاگر هەرزانترین و ئاسانترین، شێوازە و کەرەستەی لە هەموو ماڵێکی کورددا دەست دەکەوێ. ژنی کورد جەستەی ناسك و جوانی دەکاتە پشکۆ. ئێسك و گۆشتی تێکەڵاوی مەشخەڵ و گری سوور و شین دەکا. پێم وانیە ئاگر پەیامی پێبێ، تەنها ساکاری و بەدبەختی ژنی کوردە. بۆ ئەوەی لە ئازاری باوك، برا، یا مێرد رزگاری بێت. دایکی هاوناز تەیب. وتی: هاوناز هەفتەیەك پێش ئەوەی خۆی بسووتێنێ، یەك دوو جار ووتی (خۆم دەکوژم) دەمەوێ یەکجار بمرم، چونکە مێردەکەم هەموو رۆژێ لێم دەدا. دواجار لەسەر نەشۆڕینی گۆرەوی و بەرگی ژێرەوە لە هاوناز درا بوو.. دایکی پێی وابوو خۆم دەکوژم تەنها وشەیەکە هاوناز لە کاتی تورەیدا بەسەر دەمیدا هاتووە. بەداخێکی زۆرەوە بەهێ خانی دایکی هاوناز وتی: بووم بە دایکی دوو شەهید، یەکەم سێدارەی کوڕەکەم کە بۆ گەلی کورد بوو، دووەم سووتانی کچە بیستساڵانەکەم، کە بۆ تورەی مێرد بوو.**

**ماوەیەك لەمەوپێش لە دادگا وەرگێڕانی کچە کوردێك بووم کە داوای جیابوونەوەی دەکرد لە مێردەکەی، رۆژێك پەیامێکی زۆر بە پەلەم پێ گەیشت کە دەبێ بگەمە نەخۆشخانە. هەوڵمدا داوام کرد کە لەو دوای نیوەڕۆیەدا نەچم کە ناتوانم و کاری گرنگم هەیەو منداڵەکەم لە قوتابخانە نەهێناوەتەوە بەڵام بێ هودە بوو. تکام لێکرد کە زۆر زوو بڕۆم. کە گەیشتمە نەخۆشخانە. پۆلیس و بەشی فریاگوزاریی لە بەر دەرگا بوون. دکتۆرو نێرس زۆر بە وردی چاودێری ئەو ژنە کوردە گەنجە بوون لە ژوورێکی تەنیادا چونکە لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ لێکۆڵەرەوەکە، وتبووی گەر نامەی جیابوونەوەکەم زوو پێ نەگا خۆم دەکوژم. هەرچەندە ئەو دەیووت. ئەمە تەنها وشەیەکی کوردەوارییە. زیان بەخش نیەی مەبەستم نییە خۆم ناکوژم، تکای دەکرد بینێرنەوە ماڵەوە. بەڵام بۆ ئەوان ژیانی مرۆڤێك لە مەترسیدا بوو، دەبێ لە ژێر چاودێریدا بێ تا چاك دەبێ.**

**کچە کەنەدیەکی هاوپۆلم وتی: کە لەهاوڕێ کوڕەکەم جیابوومەوە ویستم خۆم فڕێدەمە خوارەوە لەم پەردەوە. بەڵام بیرم لە سەگەکەم کردەوە. وتم ئەو پێویستی بە منە. چەند ساڵێ لەمەوپێش بە ئاسانی خۆت لێرەوە هەڵدا، ئێستا دەوڵەت هەمووی تەل بەندی کردووە تا چاو برکاو دەڕوانێتە ئاسمان تەلە، تەلەکان هێندە وردن، پەنجەکانی دەستیان بە زەحمەت پێوە دەچێ. ناویان ناوە پردی خۆکوشتن. بەداخەوە گەلێ گەنج لەسەر ئەم پردە خۆیان کوشت. ئەمە وتەی کچێکی کەنەدی بوو، لە کاتێکدا من و ئەو هەردوو بەسەر ئەو پردەدا دەڕۆیشتین لەشاری تۆرۆنتۆ.**

**خۆکوشتن تاوانە. ستمە مرۆڤ تەنها بە بیریدا بێت خۆی بکوژێ. چونکە لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا کەسێك یا شتێکی بەنرخ هەیە کە دەیەوێ بژی لە پێناویدا. مرۆڤی دەروون ساغ پەنا نابا بۆ خۆکوشتن. خۆکوشتن نەك ئازارێکی بێ پەروایە و سزادانی نەفسە چارەسەر نییە، ئازارو ناخۆشی بۆ خۆشەویستانی جێدەهێڵێ و ئاکامی دەردی کۆمەڵایەتیە. دووبارە دەسەڵات بەر پرسەو دەبێ هۆکارەکانی کەمبکاتەوە و نەیانهێڵێ.**

ستیڤان: بەدەر لەوەی کلتوری کوردەواریی رووبەرێکی بەر فراوانی تیایە بۆ بێ بایەخکردن و چەوساندنەوەی ژن بەڵام یاساکان بە تایبەتی یاسای باری کەسێتی ئەم چەوساندنەوەیە لە فۆڕمێکی یاسایدا رەوایی پێدەدەن، ئایا گۆڕینی یاساکان چەند کاریگەرە لە راستی دابینکردنی مافەکانی ژن؟ ئاخۆ گۆڕینی یاسا بەبێ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا دەبێتە فاکتەرێك بۆ پاراستنی ژن لە هەڕەشەی چەوساندنەوەو دواتریش یەکسانکردنی لەگەڵ پیاودا؟

**چرۆ زەند: پیاوی کورد لە سیاسەتدا باڵا دەستە، بە داخەوە لەوەشدا شکستی هێناوە. ئەمە کاریگەری خراپی بووە و دەبێ لە دەروونی پیاوی کوردا. هاوێنەی ئەو ژێر دەستییە، لە ژیانی خێزانیدا بە ئاکامی ناخۆش گەیشتووە. دین و دابوونەریتی کۆمەڵایەتی و یاسا کۆنە دژە مرۆڤایەتیەکان، پایەی یەکەمیان نەداوە بە ژن.**

**چارەسەری ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە گرنگە. بیری رادیکاڵ و شۆڕشی زانستی دەوێ کە تیایدا دنیای سەرمایەداری پێشیلکا. گۆڕینی یاسای دژ بە مرۆڤ بە یاسای نوێ گۆڕانی سەرجەم کۆمەڵە. بەمەرجێ مافی ژن و پیاو بەرامبەربن. بۆ نموونە: میراتی بەشکردن، شایەتیدان، مافی شوکردن و جیا بونەوە قەدەغەکردنی بە شودانی کچ پێش 18 ساڵ و بە بێ رەزامەندی خۆی رێگەدان بە هاتوچۆو سەفەری ژن بێ قەیدو شەرت، سەربەستی بیروڕا و جل و بەرگلەبەرکردن، لە کۆتایی قەدەغەکردنی هەموو جۆرە ئازاردانێك ژن و سزا و دیلکردنی تاوانکاران.**

ستیڤان: ئەگەر بە زمانێکی سادەو کەمێك تەقلیدی ئەو پرسیارە بکەین ئاخۆ چارەنووسی ژنی کورد بە کوێ دەگات؟ ئایا ئاسۆی بزوتنەوەیەك دەرکەوتووە تا ژنی کورد لەم میحنەتە رزگار بکات یا دەبێت چاوەڕێی گڵۆ بالیزەیشن و کاریگەری دەرەکی بزووتنەوەی ژنانی دنیا بکات تا بتوانێ کەمێك لەو خەباتە سوودمەند بێت؟

**چرۆ زەند: من وەك تاکە کەس ناتوانم بزانم چارەنووسی ژنی کورد بە کوێ دەگا. رەنگە کەسانی لە من شارەزاتر، پسپۆڕترو چالاکتر بە وردی لەو بارەوە بدوێن. من ئەمە بە جێدەهێڵم بۆ ئەوان. بەڵام دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم ژن نابێ چاوەڕوانی تەبایی پارتە سیاسیەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی کورد بن. نابێ چاو بپۆشن لە ئەتك کردن، چەوساندنەوەی رۆژانە و کوشتن بۆ پاراستنی شەرەفی نەتەوە. هەروەها نابێ پشت بە هەندێ رێکخراوە فمنستەکانی ئەورووپا ببەستن کە خەباتی ژن و پیاو جیادەکەنەوە هەرچی دەردی سەری ژن هەیە دەیخەنە سەر ئەستۆی پیاو... بێگومان بە هەوڵی ژن و پیاو پێکەوە دێتە ئەنجام. بەپێچەوانەوەی داوای ئەوان. دەکرێ سوود وەربگرن لە خەباتی گەلێ لە رێکخراوی ژن کە دەسکەوتی بە نرخیان بە ئەنجام هێناوە. بەڵام نابێ چاوەڕێی کاریگەری دەرەوە بن. ئازادی ژن دیاریەك نییە لە ئاسمانەوە بێ یا کاریگەری دەرەوە بیهێنێ. نەلەلایەن پیاوی میهرەبانەوە ببەخشرێ کاتی درێژخایەنی دەوێ، رێگەی گرانبەهای دەوێ. خۆبەخشی و خەباتی دەوێ. پاشان ژیانی ئازادی بەهاو پاداشتی خۆی هەیە. هەر هەوڵێ بۆ ئازادی ژن و بەدیهێنانی ئاسۆی ئامانجی ژن، پەیامە بۆ دوارۆژێکی رۆشنتر.**

**ئازادی ژن خۆی لە خۆیدا ئازادی گەلە، نیشانەی یەکسانی و یەکگرتوی کۆمەڵگای پێشکەوتوو و مۆدیرنە لەمەش زیاتر ئاسۆی ئازادی گەلی کوردی پارچە پارچە کراو نزیك دەخاتەوە.**

> **پێم وانیە ئاگر پەیامی پێبێ، تەنها ساکاریو بەدبەختی ژنی کوردە. بۆ ئەوەی لە ئازاری باوك، برا، یا مێرد رزگاری بێت**

# ژنان؛ ئەو توێژەی کەس نایانخوێنێتەوە

**پەروین عوسمان**

دەتوانین بڵێین ژن ئەو بوکە بەفرینەیە کە بەتیشکی هەتاو دەتوێتەوە، یان ئەو دڵۆپە فرمێسکەی دایکی شەهیدانە و قەتیس ماوەو یاخی بووە، یان پەیکەرێکی دەستی پەیکەرتاشێکە بێگیان کەوتووە و یاخود گوڵێکی سەرمێزی مەسئولێکە (لێپرسراوێکە)یان مرۆڤێکی خاوەن هەست و پڕ لە هیواو ئاواتە.

ژن ئەو کەسەیە هەردەم ماڵ و خێزانی کوردی لەباوەش گرتووە و گشت ئەرك و فەرمانەکانیان جێبەجێدەکات وەکو کەسایەتیەکی نێو کۆمەڵی کوردەواری بە پێی توانا و لێهاتوویی جەستەیی و دەروونی خۆی بوونی خۆی سەلماندووە و دەیسەلمێنێت و خزمەتی خێزان و کۆمەڵگای دەکات و وەکو تاکێکی بە سوودی نێو ئەم کۆمەڵە هەردەم لە هەوڵ و تێکۆشاندایە بۆ بەرەو پێشچوونی پرۆسەی ژیان و خۆشگوزەرانی خێزانەکەی لە هەر بوارێکدا بێت، کەچی ئەم رۆژگارە ستەمێکی زۆر لە ژن دەکات و هەردەم بە مرۆڤێکی پلە دوو سەیری دەکات و بواری پێنادات وەکو مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست رۆڵی خۆی ببینێت کەچی لە زۆر بواردا هەلی بۆ رەخساوە کار بکات لە پاڵ تاکی سەرەکی کۆمەڵ کە پیاوە لە گشت پۆستێکدا بەشداری بکات و هەروەها لە گشت هەڵبژاردن و راپرسەکاندا بەشداری بکات بەڵام لە سەرو ئەم هەموو شتانەوە چەوساندنەوەیەکی دەروونی و جەستەیی هەر بەدەوامەو هەردەم هەوڵی لە ناوچوونی بیرو هزری ژن دراوە و ئاوات و هیواکانیان ژێرخان کراوە و بیر و بۆچوونەکانیان سەر کوت کراوە هەر بۆیە ژن یان کچی کورد بە هۆی ئەو بێئومێدیەی رووبەڕووی دەبێتەوە هیچ چارەیەك بۆ کێشەکەی نادۆزێتەوە گەورەترین تاوان دەرهەق مرۆڤ و پیرۆزی جەستەیی خۆی دەکات و پەنا دەباتە بەر خۆسووتاندن، خۆسووتاندنیش جیابوونەوەی رۆحە لە لاشەی ساردو سردا.

بەڵام ئاشکرایە هیچ شتێك لە ژیان خۆشەویستر نییە و هیچ شتێکیش لەلاشەی ژن جوانتر و ناسکتر نییە کەچی دەسەڵاتی خۆی لە دەست دەدات و دەست بەرداری هەموو شتێکی جوانی خۆی دەبێت چ لاشەی جوانی و چ هیوا و ئاواتە پەنگ خواردووەکانی هەر بۆیە هیچ شەوێك نییە ئاگری جەستەیی ڤینۆس کچە کوردێکی شارەکەم گەرەکێك رووناك نەکاتەوە و سات بە سات گرەکان لە زیاد بووندان. کەسێك نییە گوێی لە هاوار و گریەی گیان سووتاوان بگرێت و بپرسێت ئاخۆ ئەم سووتاندنە بۆ چییەو لە بەر چی؟ ئایا ئاگری ئەم لاشە پەپوولەییانە هەستی کەسێك نابزوێنێ و ویژدانی کەسێك نا وروژێنێ، ئایا پیاوان کاتێك چەندەها وشەی جوان و هۆنراوەی ئاوازدار بە سەر لاشەی جوانی ژندا دەڵێت پرسیار لە خۆیان ناکەن ئاخۆ ئەمانە بۆ ببنە خۆڵەمێش و ئاسمانی شارەکەم تاریك و شەوە زەنگ بکەن، ئایا ئەمانە هەمووی رووبەڕووی خۆیان ناکەنەوە و تاکەی باوك و براو مێرد سالاری بەر سەر ژنانەوە بکەن و دەستی بێ ویژدانیان بکەن بە چەکێکی کوشندە. ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە ژنانی کوردیش دەبێ لە خۆیان بپرسن. کە دەنکە شقارتە یەك شەوە زەنگێك رووناك دەکاتەوە کە چی ئەوان بەم دەنکە شقارتەیە پەپوولەی ژیانی مرۆڤێك لە ناو دەبەن و حەزو ئارەزووەکانیان دەخەنە ژێر گل. بێگومان هۆی سەرەکی ئەم دیاریدەیە دەگەڕێتەوە بۆ لاسایی کردنەوە و بێ هێزبوونی کەسایەتی ژن. چونکە کۆمەڵی کوردەواری کۆمەڵێکی لاسایی کەرەوەین چۆن لە بواری پێشکەوتندا هەوڵی لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانە دەدەین هەر بەمشێوەیە هەوڵی خۆکوشتن و خۆسووتاندن دەدەین کە بۆتە شتێکی باو لە ناو کچان و ژنانی وڵاتەکەمان و رۆژ بەرۆژ ژمارەیان لە زیاد بووندایە. ئەمەش بە جۆرێك وایلێهاتووە وەکو شتێکی ئاسایی و رووداوێکی رۆژانە لامان سەیر نەبێت کاتێك هەواڵی خۆسووتاندنی کچێك یان ژنێك بەر گوێمان دەکەوێت چونکە ئەو کارە ئەوەندە زۆر بووە جا بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لە سەر هەموو تاکێکی کورد بە تایبەتی پیاوان بە چارەسەری ئەم کێشەیەدا بچنەوە و بزانن هۆکاری ئەم خۆسووتاندنە چییە ئەنجامەکەی تاکەی بەدەوام دەبێت هەروەها ژنانی کوردیش بە تایبەتی رێکخراوەکان و یەکێتی ژنان و ئەوانەی بە خەمی ژنی کوردەوەن هەردەم هەوڵی وشیارکردنەوەیان بدەن ئەمەش لە رێگەی چەندەها خولی وشیارکردنەوە و سیمینار و گفتوگۆکردن لە سەر ئەم بابەتە لە لاپەڕەی گۆڤار و رۆژنامەو میدیاکاندا هەوڵی کەمکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسازیەیك بۆ ئەم دیاریدە نا شارستانیەی کە کۆمەڵەکەمان بە دەستیەوە دەناڵێنێت چونکە ئەمە گوناهێکە دەرهەق بە مرۆڤ و زیانێکە لە کۆمەڵی کوردەواری بۆ پەروەردەکردنی نەوەی دوارۆژی گەلەکەمان دەبێتە مایەی شەرمەزاری. لێرەدا چەند هۆکارێك هەیە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنانی کورد پەنا بەرنە بەر ئەم رێگەیە بۆ لە ناو بردنی خۆیان تا لەم رۆژگارەی تێدا دەژین یان لەو بارە دەروونیەی تووشی هاتووە و یان ئەو ستەم و زۆرداریەی دەرهەقیان دەکرێت خۆیان رزگار بکەن هۆکارەکانیش تێکچوونی باری دەروونی کەوا لە مرۆڤ دەکات تووشی بێ ئومێدی بێت و یان هەڵچوونێکی دەروونی کە بە شێوەیەکی کاتی تووشی دەبێت و بریاری خۆی لە دەست دەدات وپەنا دەباتە بەر دەنکە شقارتەیەك بۆ کوژاندنەوەی مۆمی ژیانی هەروەها نەبوونی ئازادی دەربڕین بە تایبەتی لای گەنجان هەروەها زۆرجار ژنان بۆ مەبەستی تۆڵە سەندنەوە یان ئارەزووی رووبەڕوو بوونەوەی خۆیان و نەبوونی دەسەڵات وا لە مرۆڤ دەکات کە دەستبەرداری رۆحی ببێت و خۆی بکات بە قوربانی مەرامەکانی دڵی خۆی بە تایبەتی گەنجان کاتێك تووشی خۆشەویستی دەبن ناگەن بە خۆشەویستەکانیان ئەمەش بە هۆی رازی نەبوون و گوێ نەگرتنی دایك و باوکان بۆ داواکانیان و یان بە هۆی ئەم داب و نەریتە کۆنە کە بە سەر کۆمەڵی کوردەواریدا سەپاوە وای لە گەنج کردووە ئەم رێگەیە هەڵبژێرێت.

دەتوانین رێگە چارەیەك بۆ ئەم دیاردەیە ئەمانەی خوارەوە بەر چاو بکرێت: 1) پێشکەوتنی کۆمەڵ و گۆڕینی سیستمی ژیانی کورد لە گشت داب و نەریتی کۆن (2) بەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری گەنجان و ژنان لە رێگەی خوێندن و خوێندنەوە (3) پتەوکردنی شیرازەی خێزان بە چاککردن و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان دایك و باوکان لە گەڵ منداڵەکانیان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان بەشێوەیەکی لۆجیکی و پەروەردەیی.(4) رێنمایی کردنی خەڵك لەلایەن پسپۆڕانی دەروونیەوە بۆ ئەو کەسانەی کە باری دەروونیان بەرەو تێکچوون دەچێت و ئارام کردنەوەیان لە رێگەی ئامۆژگاری و چارەسەرکردنیان بۆ رێگەگرتن لەم دیاردە نا ئارامی و نا شارستانییە (5) هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەیە بە هۆی لێکۆڵینەوە و سزادانی ئەوانەی هەوڵی زیادبوون و گەشەپێدانی ئەم دیاردەیە دەدەن.